www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بروسكەی پیرۆزبایی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان بە بۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە

بە بۆنەی هاتنی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان جەژنە پیرۆزەی گەرمی خۆی ئاراستەی موسڵمانانی كوردستان و گەلی كورد بە گشتی و سەرجەم موسڵمانانی عێراق و جیهان دەكات.

ئەمەی خوارەوە دەقی بروسكەی پیرۆزباییەكەیە:
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بروسكەی پیرۆزبایی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان
بە بۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە
بە بۆنەی هاتنی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان خۆی بە پێخۆشحاڵ دەزانێت جەژنە پیرۆزەی گەرمی خۆی ئاراستەی موسڵمانانی كوردستان و گەلی كورد بە گشتی و سەرجەم موسڵمانانی عێراق و جیهان بكات.
هەر لەم رۆژە پیرۆزەشدا كە رەمزی ئاشتی و سەركەوتن بەسەر شەرو خراپەو پتەوبوونی گیانی لێبوردن و برایەتیە، داواكارین لە خوای گەورە كە بیكاتە مایەی زیاتر بە هێزبوونی ئیرادەی خێرو چاكە لە وڵاتەكەمان و سەرەتای كۆتایی هێنان بە زوڵم و خوێن رێژی و رەشە كوژی كە لەگەڵ گیانی ئیسلام و پەیامی موسڵماناندا ناكۆكە.
بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی و برایەتی و هاوكاری باڵ بەسەر پەیوەندییەكاندا بكێشێ و هەموومان لە سایەی رێزگرتن لە مافو ئازادیەكانی یەكتردا، هەوڵی خوا لە خۆ رازی كردن و بنیاتنانەوەی دوا رۆژی وڵاتەكەمان بدەین.
هەروەها ئاواتە خوازین هەرێمی كوردستان مەڵبەندی دێرینی ئیسلامەتی و خواناسی و برایەتیش هەمیشە هەر گەشە كردوو ئارام و سەقام گیربێت و گەلەكەشی بە برایەتی و خۆشەویستی و ئومێدەوە لەگەڵ یەكتردا بژین و جەژنی داهاتووش شایەدی نزیك بوونەوەی وادەی گێرانەوەی كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی تری كوردستان بین، چونكە چارەسەری ئەو كێشەیە بناغەكانی برایەتیەكی راستەقینە لە نێوان كوردو بەشەكەی تری عێراقدا دادەمەزرێنێ.
دووبارە جەژنی هەموو لایەك پیرۆز
خوا پەرستی و رۆژووی هەمووان قەبوڵ

مەكتەبی سیاسی
یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان